
Digitally signed by www.kurdistannet.org
cn=www.kurdistannet.org, ou=www.kurdistannet.org, o=Kurdistan Net, c=NL
Date: 2002.08.19 21:47:58 +01'00'
Reason: <none>
Kurdistan Net Neti Hemwane

# چەند کۆپلەیەک لە شیعری شەهید

## ئەبوبەکی عەلی



تۆش هەر وەکوو
کچانی تری شارەکەم
با نیت، شنەی
چەم نیت، زنەی
شەستەباران نیت، پرووشەی
تەنیا درۆ و عەتر و بۆیە و بووکەشووشەی.

لەو ڕەشەبایەش خۆش نابم
تەنیا شەوێ لە حەوشەتانا نوستبێ،
بۆنی تەوێڵ و پەرچەم و هەناسەتی
بۆ کەسێکی کە بردبێ.

من ئەڕۆم و
تکایە پێی بڵێن ئیتر
بە دیدارم ناگاتەوە،
وەک چەم ئەڕۆم
چەمیش ئاوڕ ناداتەوە،
بێزارم، بێزارم لێرە
بێزار لە شارەکەی لە خۆی،
لە ئاوێنە و تەوقە و شانە و
قژی نیگرۆی،
لە دەست و پەنجەی دەستەمۆی.

ئەمشەو ئەنووم، شیعر ناڵێم
شیعر مۆمێکە پێ نابێ
من شاعیری چرایەک نیم
لەگەڵ فوودا
پەنجەیان تێک هەڵکێشابێ،
من شاعیری وڵاتێ نیم
سەدان شەو پۆلیسەکانی
جرت و تف و لیسەکانی
خوا و ئەستێرە و خۆشەویستی و
شیعرەکانمیان ڕاو نابێ.*

* حەمەسەعید حەسەن ئەم شیعرانەی هەڵبژاردووە.